# ئاینی رەسمی ، یان دەستورێکی عەلمانی بۆ کوردستان؟

**ئارام رەفعەت**
Aramraf2005@yahoo.com

لەسەروبەندی تەواو کردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا، چەند پەرلەمانتارێکی ئیسلامی، کە کەمینەی پەرلەمانین لە کوردستان، پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە پێویستە ئیسلام ببێتە ئاینی فەرمی حکومەتی کوردستان. لە بەرامبەر ئەوەشدا هەندێک لە پەرلەمانتارانی سەر بە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی ئەم داوایەی ئیسلامیەکان بە پێویست نازانن و رەتی دەکەنەوە.

جێگای سەرنجە کە هەردوو لایەن بۆ دروستی و رەوایی داوا و بۆچونەکانیان پشت بەوە دەبەستن کە ئاینی رەسمی حکومەتی عێراق ئیسلامە. لەم سەرەوە ئیسلامیەکان دەڵێن نابێت کە دەستوری هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەی دەستووری عێراق بێت و نەچەسپاندنی ئەم بەندە لە دەستووری کوردستاندا بە پێچەوانەی دەستوری عێراقە و تەنانەت هەندێکیشیان هەرەشەی ئەوە دەکەن کە دادگای دەستووری لە بەغدا ئاگادار دەکەنەوە. بە مانایەکی تر، بە ئومێدی فەرز کردنی ئەو داوایەیان بەسەر پەرلەمانی کوردستاندا، داوای یارمەتی و دەست تێوەردانی بەغدا لەو بابەتەدا دەکەن. لەو سەریشەوە چەند ئەندام پەرلەمانێکی سەر بەلیستی کوردستان دەڵێن مادام ئەم بەندە لە دەستووری عێراقدا هاتووە پێویست ناکات کە لە هەرێمی کوردستاندا دووبارە باس بکرێتەوە و هەندێکیشیان نایشارنەوە کە لایەنگری جیایی دین لە دەوڵەتن.

لەم نێوەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئێمەی کوردستانی پێویستمان بە ئاینی رەسمی هەیە بۆ حکومەتەکەمان یان دەستوورێکی عەلمانی کە دین و دەوڵەت لەیەک جیا بکاتەوە؟، کە ئەمەش پرسیارێکی تر بەشوێن خۆیدا دەهێنێت، کە ئاینی رەسمی بۆ دەوڵەت چیمان پێ دەبەخشێت و لە چیمان بێ بەش دەکات؟ ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی ئەو مەسەلەیە .

لایەنێکی ئەرێنی بوونی ئاینی ئیسلام بە ئاینی رەسمی حکومەتی کوردستان لەوەدایە کە لە یەکێک لە بوارەکاندا ( کە ئینتیمای ئاینی یە) هاوجووتی و لەیەک چوونێک لە نێوان دەستوور و یاساکانی کوردستان و عێراق دا دروست دەکات. ئەم هاو جووتی و لەیەک چوونە رەنگە لە لایەکەوە هاوسۆزی و پشتگیری هێزەکانی شیعە و سوننەی عێراقی بۆ کوردستان مسۆگەر بکات و لە نیگەرانی و تێروانینە نەگەتیڤیەکانی هەندێک لەو هێزانە کە لەوانەیە بەرامبەر کوردستان و گەلەکەی هەیان بێت کاڵتر بکاتەوە. کاریگەری ئەم مەسەلەیە لەوە دایە کە زۆرینەی ئەو هێزانە ئیسلامین و لە کاتی دارشتنی

دەستووری عێراقیدا زۆرترین پێداگیریان لە سەر شوناسنامەی ئیسلامی و عەرەبی بۆ عێراق کردووە و زۆربەشیان کار بۆ دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی و بە ئیسلامی کردنی کۆمەڵگا دەکەن. بە مانایەکی تر بوونی ئیسلام بە ئاینی ڕەسمی کوردستان، هاوشێوەی دەستووری عێراقی، جیاوازیەک یان گرفتێک لە نێوان عێراق و کوردستاندا کەم دەکاتەوە.

ئەم تێڕوانینە تا ئێرە ڕاستە، بەڵام زیاترووردتر کردنەوەی مەسەلەکە، هەندێک دەرەنجامی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە.

با لە واقیعی ئەمڕۆی عێراقەوە دەست پێ بکەین، ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر ئەوەیە کە ئیسلام لەم وڵاتەدا (نە لە ڕابردوو و نە لە ئێستاشدا) نەبۆتە مایەی یەکگرتن و هاوسۆزی و هاوپشتی و لە هەمووشی گرنگتر هاوشوناسی گەلانی عێراق. بە دەربڕینێکی تر، ئیسلام وەک ئاینی زۆرینەی گەلانی عتراق، نەک هەر نەیتوانیوە کە ببێتە چەترێک کە نەتەوە و مەزهەبە جیاوازەکان لەژێر خۆیدا کۆ بکاتەوە، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە، ناکۆکیەکی پازدە سەدەیی نێوان دوو باڵی ئیسلام (شیعە و سوننە)، نەتەوەی عەرەبی لە عێراقدا دابەش کردووە و لەیەکتری دوور خستۆتەوە و دوو شووناسی تەواو دژ و ناکۆکی پێ بەخشیون. ئەو دۆزەخەی کە ئەمڕۆ لە عێراقی عەرەبیدا ڕۆڵەکانی ئەو دوو مەزهەبە بە تەڕ و وشکیەوە هەڵدەلوشێت، وە بە بێ بەزەییانەترین و بە هۆڤی ترین شێوە میلیشیا و گرووپە چەکدارەکانی هەردوو لایەنی عەرەبی تەنها بەهۆی جیاوازی مەزهەبی هەوڵ دەدەن کە زۆرترین ژمارە لەیەکتری بکوژن، یان ئاوارە بکەن، لەسەر بنەمای ئەم دابەش بوونەیە کە لە ئیسلامدا هەیە. باڵا دەست بوونی بزوتنەوە ئیسلامیەکانی شیعە و سوننە ئەم ڕوبارە خوێنەی کە لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە، لە خوێن و جەستەی پەیڕەوانی ئەو دوو مەزهەبە سەرچاوەی گرتووە، بە خوڕتر کردووە و دەکات .

دەرەنجامەکانی ئەم دیاردەی دابەش بوونە لەسەر بنەمای دوو مەزهەبی لە ئیسلامدا بە تەنها پەیوەست نییە بە عەرەبەکانی عێراقەوە. مەزهەبگەرایی لە ئیسلامدا درز و کەلێنی (تارادەیەک) گەورەی خستۆتە ناو نەتەوە و گەلانی تریشەوە. بۆ نموونە، نەتەوەیەکی بچوکی وەک تورکومان کە بۆ پاراستن و بە زیندوویی هێشتنەوەی خەسڵەتە ئیتنیکیەکانیان پێویستیان بە یەکگرتنە، بە هۆی جیاوازی مەزهەبییانەوە ئەوانیش دابەش بوون بۆ سەر شیعەی لایەنگری سەدر و ئیئتیلاف لە لایەک و پارتە تورکومانە سونییەکان لە لایەکی تر. هەر لە ژێر کاریگەری ئەم ڕەوتی شیعەگەری و سوننی گەرایەدا، کە لە هەر یەک لە بەغدا و موسڵ لە چڵە پۆپە دایە، لە سەدان هەزار کوردی فەیلی لە بەغدا تەنها بیست هەزار دەنگێک و لە دەیان هەزار دەنگدەری کوردی شەبەکیش لە موسڵ، تەنها چەند سەد دەنگێک بە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی درا.

هەرچەندە ئەم دابەش بوونەی نێوان کوردانی شیعە و سوننە لە کوردستاندا زۆر کاڵترە لە وەی کە لە نێوان شیعەو سوننەی عەرەبدا هەیە و خۆشبەختانە کە نەک هەر نەگەیشتۆتە حاڵەتی ڕوبەڕوو بوونەوە، بەڵکو ئەگەر شوناسە کوردستانی و مەدەنیەکانمان برەو پێ بدەین ئەو درزە بچکۆلیەش بواری پڕ کردنەوەی هەیە، هەر وەک لە خانەقین، کە زۆرینەی شیعە مەزهەبە، زۆرترین دەنگ بۆ

لیستی کوردستان بوو. بەڵام بە زۆر پێ و دانگ، کاریگەی زاڵ بوونی ئینتیما یان سۆزی مەزهەبی لای کورد بەسەر شوناسی نەتەوەییاندا، کە ئەوە زیاتر لەناو پارتە ئیسلامیە سوننیەکانی کوردستان (لەوانەش ئەوانەی کە جەخت لەسەر ئیسلامی بوونی دەستوور دەکەن)، وە کوردانی شیعەی دەرەوەی هەرێمدا هەیە، دەرەنجامی سلبی کورت ماوە و درێژ ماوەی لەسەر ستراتێژی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان و بەرەوپێش چوونی دۆزە ڕەواکانمان بەجێ دێڵێت.

بە مانایەکی تر، چەسپاندنی ئاینی ڕەسمی لە دەستووری کوردستاندا شەرعیەت دان و بەهێز کردنی دیاردە و کاریگەریەکانی مەزهەب گەراییە و هۆکارێکە بۆ بە ڕەسمی کردن و قوڵتر کردنەوەی دابەش بوونمانە لە سەر بنەمای مەزهەبی و ئاینیمان. چونکە گومانی تیا نیە کاتێک شیعە عەرەبەکان باس لەڕەسمی بوونی ئاینی ئیسلام لە عێراقدا دەکەن، مەبەستیان لە ڕەسمیەت و باڵادەستی مەزهەبی شیعەیە و بە هەمان شێوەش، بەرەی تەوافوقی عێراقیش، بەرەیەکی سوننەی عێراقییە و ئیسلام لە ڕوانگەی مەزهەبی سوننیەوە دەبینێت. ئەو دەرەنجامە بۆ کوردستانیش ڕاستە، ئیسلام وەک ئاینی ڕەسمی کوردستان، بەو پێیەی کە پەیڕەوانی سووننە مەزهەب زیاترن، بەمانای بەڕەسمی ناسینی مەزهەبی سووننە دێت وەک مەزهەبی فەرمی حکومەتی کوردستان. کە ئەمەش دەرەنجام هاوردنی نەخۆشی کوشندەی مەزهەبگەراییە، کە عەرەبەکانی عێراق، ئەمڕۆ پێیەوە گرفتارن.

هەستیاری و کاریگەریە خراپەکانی دابەش بوونی مەزهەبی لەسەر کورد لە چەند تایبەتمەندیەکی بار و دۆخی کوردستاندا و ئەو قۆناغەی کە گەلی کورد پێدا تێپەڕ دەبێت، ڕەنگ دەداتەوە. گرنگترین تایبەتمەندیەکانی ئەو قۆناغەی گەلی کوردستان ئەوەیە کە نوسەرێکی ئەمریکی بە "لە دایک بوونی گەلێک لە ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست دا" وەسفی دەکات. بەو مانایەی کە گەلی کورد ئەمڕۆ لەژێر زەبر و زەنگی دەیان ساڵەی سەرکوتکردن و جینۆساید و ئینکاری کردن و پەراوێز خستندا خەریکە سەر بەرز دەکاتەوە و جارێکی تر لەسەر ئاستی جیهاندا خۆی وەک گەلێک، وە بە هاوشێوەی تێکڕای گەلانی تری دونیا، بە شایستەی هەموو ماف و ڕێز و سەروەریەک دەناسێنێت. لەم چەند ساڵەی دوواییدا مافی چارەنووس و سەربەخۆیی کوردستان زیاتر لە هەر کاتێکی تر بۆتە باس و خواسی زۆربەی لایەنگر و بەرهەڵستکارانی دەوڵەتی کوردستانی.

لەم برگە مێژوویەدا، کوردستانی باشوور (عێراق) ، سەردەستەو پێشەنگە بۆ هەموو بەشەکانی تر. سوپاس بۆتەکنۆلۆژیای گەیاندن و ڕاگەیاندن کە سنوورەکان بە ئاسانی تەی دەکات، ئەمڕۆ چاوی زۆرینەی کوردانی جیهان لەسەر ئەم بەشەی کوردستانە. لێرەدا ئەوەی کوردستانی ئازاد چۆن لەدایک دەبێت و چۆن سەرپێ دەکەوێت، دەبێتە ڕێچکە شکێنی بەشەکانی تری کوردستان و کە ڕەنگە ئەوانیش شوێن پێی ئێمە بگرن. لەم دەسپێکەدا، ئەگەر ئێمە بە دوو پارچەیی لەدایک ببین و لە بری کوردستانی بوون و کورد بوون خۆمان لەسەر بنەمای شیعە بوون یان سووننی بوون پۆلێن بکەین، هەمان دابەش بوونی شوناس لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە نێوان پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام لە لایەک و ورمێ و سنە لەو لاوە ڕەواجی پەیدا دەکات و لە کوردستانی باکوریش بە هەمان شێوە لە نێوان کوردانی عەلەوی مەزهەب و کوردانی سوونی مەزهەب ڕەنگ دەداتەوە.

کاریگەرییەکی نەویستراوی تری ئاینی ڕەسمی لە کوردستان، هەڵاواردنی کوردانی ئێزیدییە کە ژمارەیان بە نیو ملیۆن مەزەندە دەکرێت و نزیکەی لە سەدا دەی دانیشتوانی کوردستانن. بوونی دەستورێکی مۆدێرن و سێکولار (عەلمانی) کەبە یەک چاو لە هەموو ئاین و ئایتزادەیەک بڕوانێت و شوناسی ئاینی نەکات بە کێشەی دەوڵەت و یاساکان، هاندەرێک دەبێت تا کوردانی ئێزیدی زیاتر بەرەو کوردستانی دایک ڕاکێش بکرێن و لە هەر ریفراندۆمێکی ڕەسمی بۆ یەکلا کردنەوەی چارەنوسی ناوچە تازە ئازاد کراوەکان، ئەوان دەنگ بۆ کوردستانێک بدەن، کە لەپاڵ ئەوەی زۆرینەی گەلەکەی هاو نەتەوە و هاوزمانیانن ، لەوەش سڵ ناکەنەوە کە بەهۆی جیاوازی ئاینیانەوە، بەچاوێکی نزمتر لە ڕوی ماف و یاساوە هەڵس و کەوتیان لەگەڵ بکرێت. لێرەدا ڤیزای گەڕانەوەی ناوچەکانی شێخان و شەنگال و باشیک و باهزان بۆ سەر کوردستان، لە ڕیفراندۆمی 2007دا، لای کوردانی ئێزیدیە کە ئەوان زۆرینەی ئەو ناوچانە پێک دەهێنن.

هەمان پێوانە بۆ کریستیانەکانی لای چەپی پارێزگای موسڵ ڕاستە، و دەستورێک کە لەسەر بنەمای هیچ ئاینێک دانەڕێژرابێت بانگێشی ئەوانیش دەکات کە بەڵێ بۆ کوردستانێک بڵێن، ئەگەر دڵنیا بن لێرە، کەلتور و ئاین و مافە ئینسانیەکانیان، لە دەستووری عێراق باشتر دەپارێزێت. ئەمە بێجگە لەوەی کە پەنجا تا شەست گوندی کوردی شەبەک لە و ناوچەیە هەن، کە زۆرینەیان شیعە مەزهەبن،ئەوانیش نیگەران نابن لە پلە دووییان بە هۆی شیعە بوونیان ئەگەر بگەڕێنەوە سەر کوردستان.

دەستورێکی عەلمانی دیسان گەرەنتی گەڕانەوەی کەرکوک، کە سیمبۆلی چەوساوەیی و قوربانیەکانمانە، زیاتر دەکات. لەوێ لەپاڵ کورددا، هەندێک نەتەوەی تر دەژین کە لەبەر هەر هۆکارێک بێت، بەشێکی زۆریان نایانەوێت کەرکوک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. کورد لەو پارێزگایەدا، بێجگە لە دەنگی کوردی و هەندێک دۆست و لایەنگر لەناو نەتەوەکانی تردا، پێویست دەکات کە بەدوای ئەو لایەنانەدا بگەڕێن کە بوارێک بۆ هاوپەیمانی کردنیان هەیە و بەهۆیەوە پارسەنگی هێز لە بەرژەوەندی کوردستانی بوونی کەرکوکدا دەشکێنێتەوە. هەر یەک لە زۆرینەی کریستیانەکانی کەرکوک بە پلەی یەکەم و بەشێکی بەرچاوی تورکومانی شیعە، کە لەو شارەدا دەژین،بە پلەی دووەم، ڕەنگە ئەو دەنگە یەکلاکەرەوانە بن. کاڵ کردنەوەی جیاوازی ئاینی لە دەستوری کوردستان بۆ مەسیحیەکانی کەرکوک و جیاوازی مەزهەبی بۆ تورکومانە شیعەکانی کەرکوک و داقوق و خورماتوو، هاندەرێک دەبێت کە دەنگ لەبەرژەوەندی گەڕانەوەی کەرکوک بدەن. ئەوەی کە بایەخی ڕای ئەم دوو کەمینەیەی کەرکوک زیاد دەکات، ئەو بالانسە نەتەوەییەیە کە لە کەرکوکدا هەیە، کە ڕەنگە ڕێژەیەکی زۆر کەم لە دەنگەکان، چارەنوسی پارێزگاکە بگۆڕێت. ئەو پێودانگە بۆ کوردە فەیلی و تورکومانە شیعەکانی خانەقین و جەلەولا و مەندەلیش ڕاستە.

سەرەڕای ئەو دەرەنجامانەی سەرەوە، کاڵ کردنەوەی شوناسی مەزهەبیمان، لە چەند ڕویەکەوە قورساییەکی سیاسی زیاترمان لە بەغدا پێ دەبەخشێت. یەکەم سوودی، کە ئێستا بەرەکەی دەخۆین، ئەوەیە کە خۆمان لە گێژاوی کێشەی نێوان سوونەو شیعەی عەرەب دەپارێزین، بێجگە لەوەی کە کورد وەک ناو بژیوان و ڕاگری بالانس دەردەکەوێت، لە هەمان کاتدا گەلی کوردیش تاڕادەیەکی زۆر

لەمەترسی تێوەگلان لەو شەڕەی کە ڕۆژانە دەیان کەس دەکاتە قوربانی دوور دەخاتەوە. ئەمە وێڕای ئەوەی کە سۆز و پشتگیری زۆرینەی شیعەکانی باشوور بۆ گەلی کوردستان، لەسەر بنەمای چەوساوەیی نەتەوەییمانە، بەرجەستە کردن و زەق کردنەوەی شوناسی سوونناyەتیمان، ئەو هەڵوێستەی شیعەکان ڕەنگە بگۆڕێت. لەم بوارەدا پەیوندی دۆستانەی نێوان ئیئتلافی شیعە (بەتایبەت باڵی مەجلیسی ئەعلا) لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانی دا، بە بەراورد لەگەڵ پەیوەندیان لەگەڵ لیستی یەکگرتووی ئیسلامیدا جێگای سەرنجە.

دووەم بەرژەوەندی کاڵ کردنەوەی شوناسی مەزهەبیمان، بەمانای کەم ڕەنگ کردنەوەی جیاوازیە لە نێوان کوردانی فەیلی بەغدا (کە بەسەدان هەزار مەزەندە دەکرێن) و باقی پێکهاتەکانی تری گەلی کوردستان. تا چ ڕادەیەک بتوانین هەست و شوناسی نەتەوەیی کوردەکانی بەغدا بەهێز بکەین، لەبەرامبەر لاواز کردنی هەست و شوناسی مەزهەبیان، (کە بەداخەوە، بەهۆی بار و دۆخی بەغدا و کەم کارایی هێزە کوردستانیەکان لە ناو دانیشتوانی ئەو شارەدا، شوناسی مەزهەبی ڕەونەقێکی هەیە لای بەشێک لە کوردانی فەیلی)، تا ئەو ڕادەیەش هێز و پشتیوان لە ناو جەرگەی بەغدا پەیدا دەکەین. ئەگەر بە نەفەسی کوردستانی بوونەوە هەڵس و کەوت بکەین، دەکرێت کوردانی فەیلی ببنە دەنگ و هێزی ڕاستەوخۆی کورد لە و شارەدا و کارتی فشار و توانا و قورسایی سیاسیمان لەوێدا بەهێزتر ببێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لایەنە پۆزەتیڤەکانی چەسپاندنی ئاینی ڕەسمی لە دەستوردا، ڕەنگە لایەنێکی تری ئەرێنی دەستوورێکی ئیسلامی کە پارتە ئیسلامیەکانی کوردستان داکۆکی لەسەر دەکەن، ئەوە بێت کە شوناسی ئیسلامیانەی هەرێمی کوردستان، سۆز و پشتگیری وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بۆ حکومەتی کوردستان زیاتر بکات، لەوەش گرنگتر ئەو دەنگۆ و نیگەرانیانەش بڕەوێنێتەوە کە لە میدیا عەرەبیەکاندا لەمەڕ تۆمەتبار کردنی کورد بە بوونی پەیوەندی لە گەڵ ئیسرائیلدا، بڵاو دکرێنەوە. هەروەها جوڵەیەکیش دەداتە ئەو وڵاتانەی ناوچەکە، کە تا ئێستا دوو دڵن ،تا پشتگیری گەلی کوردستان بکەن. ڕاستی ئەم ڕوانگەیە لەوە دایە کە ڕەنگە زۆربەی وڵاتان بە مەیلی ڕۆژئاوایی و مۆدێرنە خوازی گەلی کوردستان دڵخۆش نەبن و حەز بکەن کە کاریگەری کەلتوور و شارستانی عێراقی و عەرەبی و ئیسلامی لەسەر کورد بهێڵنەوە و زیاتر بکەن، لێرەوەش ناساندنی ئیسلام وەک ئاینی ڕەسمی کوردستان ئاماژەیەکی تەندرووستە کە بۆ حاکم و دەسەڵاتدارەکانی ئەو وڵاتانە دەنێردرێت.

ڕابردووی هەڵوێستەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بەرامبەر بە کورد و پێوانەی ئەو وڵاتانە بۆ ڕەوایی و نا ڕەوایی کێشە و داواکاریەکانی گەلی کوردستان، ڕاستی ئەم تێڕوانینەی سەرەوە پوچەڵ دەکاتەوە.هاوکار ی و هاوسۆزی و هاوپەیمانی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکە هەر لە پەیماننامەی بەغدا و سەعد ئاباد و جەزائیرەوە، کە لەناوەرۆکدا پەیماننامەی گەلەکۆمەکێ بوون بۆ سەر گەلی کورد و سوێندی هاوکاری کردنی یەکتری بوو بۆ بەزەبری هێز هێشتنەوەی کورد لە چوار چێوەی وڵاتانی تورکیا و ئێراق و ئێران و سوریادا، تا بێ دەنگە کردن و چاو نوقاندنی تێکڕای وڵاتانی ئیسلامی لە ئاست ئەو جینۆساید و نەهامەتیانەی کە بەرەو ڕووی گەلی کورد بوونەتەوە، ئەوەمان پێ دەڵێت کە بە گشتی سیاسەت و هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لەسەر ئەو بنەمایە دانەڕێژراون

که ئێمە شوناسی ئاینیمان چیە، بەڵکو زیاتر تاوانی جیاخوازی کورد و گوناهی دابەش کردنی خاکی عەرەبی و پلانی لاواز کردنی ولاتێک کە (بەوابەی) ڕۆژهەلاتی نیشتیمانی عەرەبییە،وە عەمالەتی سەرقاڵ کردنی بەرەیەکی گرنگی دژە ئیسرائیلی، کراونەتە پێودانگی دارشتنی تێروانین و سیاسەت و هەڵوێستیان لە ئاست نەتەوەی کورد و جوڵانەوەی ڕزگاری خوازەکەی. لەم خاڵەوە دەتوانین لەو حوکمە بگەین کە بەهۆیەوە لە ڕوانگەی بەشێک لە ئیسلامی و نەتەوەییەکانی عەرەب، کوردستان بە هاو کوفی ئیسرائیل لەقەڵەم دەدرێت و تەنانەت ناونیشانی ئیسرائیلی دووەم بۆ کوردستان، زۆر جار لەلایەن میدیا و ڕاگەیاندنی بەشێکی ئەو ولاتانە و بۆتە بنێشتە خۆشەی سەرزاری زۆر یەک لە سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیرانیان.

بە شێوەیەکی گشتی، سیاسەتی باو و زاڵی ولاتانی عەرەبی و ئیسلامی سۆز و پشتگیریان دەرهەق بەو نەتەوانەی کە تا ئێستا ژێردەستەی ولاتە عەرەبی و ئیسلامیەکانن، لە بابەتی کورد و کەمینەکانی تری وەک بەربەر و دارفۆری هتد،کە زۆرینەیان موسوڵمانن، ڕەنگدانەوە و پەرچە کرداری هەڵوێستی ئەو نەتەوە ژێر دەستانە بووە، نەک شوناسی ئاینیان. تا ئەو جێگایەی ئێمەی کورد (ئەوە بۆ دارفۆری و بەربەری و کەمینەکانی تریش ڕاستە) تەسلیمی واقیعی پلە دوویی و ژێر دەستەیی بووبین و لە ناو کەلتور و زمان و سیاسەتی گشتی نەتەوەی سەردەست تێکەڵ و ئاوێتە بووبین و لە داخوازیە نەتەوەییەکانی خۆمان دوور کەوتبینەوە و چاو پۆشیمان کردبێت، تا ئەو ڕادەیە ئەو ولاتانە بە (ئەقوامی ساڵح)یان لە قەڵەم داوین. بە پێچەوانەوەش، هەر کاتێک پێمان لەسەر مافە ئینسانیەکانی خۆمان داگرتبێت،نەک هەر هیچ سۆز و پشتگیریەکیان بەرامبەر داخوازی و کێشەکانمان، نیشان نەداوە، بەڵکو بەشکڵی جۆراو جۆر پشتگیری هاوکاری ئەو ڕژێمانەیان کردووە لەدژی گەلەکەمان.

واقیعی ئەو پانزە ساڵەی ڕابردووی ئەزموونی کوردستان و بەتایبەت ئەم سێ ساڵەی دوای ڕوخانی دیکتاتۆر، ئەو هەقیقەتەمان پێ دەڵێت کە سەرپێکەوتن و هێز و ڕێزی گەلی کوردستان لە یەکگرتوویی و لایەنگری کردنی زۆرینەی خەڵکی کوردستاندا بووە بۆ لێبوردەیی و مۆدێرنیزە و دیموکراسی. هەر ئەمەش وای کردووە کە ولاتانی دەور و پشت و جیهان ناچار بن کە وەک ئەمری واقیع، وە زیاتر لە سەربنەمای بەرژەوەندی دولایەنە و هاوسەنگ مامەڵەمان لەگەڵدا بکەن. ئەوەش ڕێگایەکی تەندروست و سەلامەتە کە هێزە سیاسیەکانی کوردستان پەیرەویان کردووە بۆ گۆڕینی هەڵوێستی سلبی ولاتان و دابین کردنی جۆرێک لە هاوپەیمانی و پەیوەندی هاوسەنگ لەگەڵ ولاتانی دەورو بەرو جیهان. گەرەنتی بەردەوامی و بەرەو پێش چوونی ئەم حاڵەتەش لە زیندوویی ڕاگرتنی ئەو ئەزموونە دایە، کەئەوەش پێویستی بە پاراستنی دەستوری هەیە.

خاڵێکی گرنگی تر، کە زۆرجار فەرامۆش دەکرێت، ئەوەیە کە لە سایەی سیستەمی مۆدێرنیزە و دیموکراسی و عەلمانیدا، زیاتر ڕێز لە ئاینەکان و پەیرەوانیان دەگیرێت نەک لە سیستەمە ئیسلامی و تیێۆکراسیەکاندا یان لەو ولاتانەی کە ئاینی ڕەسمیان بۆ دەوڵەتەکانیان ڕاگەیاندووە. بەراوردێکی سەرپێیی لە نێوان ولاتانی ڕۆژ هەلاتی ناوەڕاست و ولاتانی ڕۆژئاوادا،زیاتر گرنگی ئەم بوارەی عەلمانی بوونی دەستوور دەردەخات. لەپاڵ بلاوی هەژاری و نەخوێندەواریدا، وە نەبوونی دیموکراسی و لاوازی ئازادیە مەدەنی و تاکە کەسیەکاندا، بوونی ئاینی ڕەسمی دەوڵەت یەکێکە لەو

تایبەتمەندیە هەرە زەقانەی کە وڵاتە عەرەبی و ڕۆژهەڵاتیەکان لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان جیا دەکاتەوە. لە دەستوری ڕۆژئاواییەکاندا دەوڵەت پابەند نییە بە هیچ ئاینێکی ڕەسمییەوە و لە بری ئەوە ئازادی ئاینی و عەقیدە و بیرو ڕا بۆ تاکەکانی کۆمەڵ پارێزراوە، هەموو ئایترادەیەک ئازادە لە پەیڕەو کردن و نەکردنی ئاینەکەیان. لە بەرامبەردا، لەوڵاتانەی کە ئاین، (لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مەزهەبێکی دیاریکراو ) فەرز دەکرێت بە سەر ئینسانەکاندا، نەک هەر ئایترادەکانی تر پلە دوو و بێ مافن، بەڵکو ئەو هاودینانەش کە مەزهەبی جیاوازیان هەیە . لەم بوارەدا پلە دوویی شیعەکانی سەعودیە و بەحرەین و کوێت و پاکستان و (تا دوێنێش عێراق)، سوننەکانی ئێران و سوریا، نموونەی زیندووی ئەو هەقیقەتەن.

ئەم جیاوازیە هەر لەم ئاستەدا قەتیس نابێت،بەڵکو بۆ ئیسلامی سیاسیش، زۆر جار ئەوروپای سەکولار، بۆتە سەکۆی ئەو ئیسلامیانەی کە لە وڵاتی خۆیان دەنگیان خەفە کراوە. بەشێکی زۆری ئەو هێز و لایەنە ئیسلامیانەی کە داواکاری سیستەمێکی ئاینین وە لە وڵاتەکانی خۆیاندا یان هەڵیان نەکردووە، یان ژیانیان لە مەترسی دابووە، سودیان لە لێبوردەیی و عەلمانیەتی سیستەمە ڕۆژئاواییەکان وەرگرتووە. ئەمە لە کاتێکدا کە لەزۆربەی ئەو وڵاتانەدا، کە ئەوان لێیەوە هاتوون، ئیسلام وەک ئاینی فەرمی و شەریعەتی ئیسلامی وەک سەرچاوەی یاسا دانان پێناسە کراوە. بێجگە لەوەش،ئەو ئیسلامیانە لە ڕۆژئاوای عەلمانی بوارێکی گونجاویان (هەم ئاسایش و هەم ئابووری) بۆ ڕەخساوە کە تا شەو بخەنە سەر ڕۆژ بۆ ئامانجە سیاسیەکانیان و تەنانەت بێ هیچ بەربەست و سانسۆرێک هەل و مافی بانگەشە کردن بۆ ئاینی ئیسلام لە وڵاتی خانەخوێشیاندا پێ دراوە. بە دەربڕینێکی تر، لەسای عەلمانیەتی ڕۆژ ئاواوە ئەوان هەلی تەعبیر کردن لەو بیرو باوەڕ و عەقیدانەیان بۆ ڕەخساوە کە لە وڵاتی دایکیاندا بۆتە مایەی مەترسی بۆیان. بەرهەڵستکارە ئیسلامیەکانی کەنداو، ئێران، سوریا،میسر و باکوری ئەفریقا،تا دوێنێش ئیسلامیەکانی عێراق (لەوانەش ئیبراهیم جەعفەری و نووری مالیکی و تاریق هاشمی و عادل عەبدولمەهدی) چەند نمونەیەکی زەقی ئەو حاڵەتەن.

وێڕای ئەوانەش، بێجگە لە دەیان ملیۆن موسوڵمان،ملیۆنان کەس لە کریستیانەکانی ڕۆژهەڵات، هیندۆسەکان و بوزی (بودایی)ەکانی وڵاتەکانی ئاسیایی، کۆچیان بۆ ڕۆژئاوا کردووە. وێڕای ئەوەی کە پەناگای سەلامەت و ژیانێکی ئینسانیانەیان لەو وڵاتانە مسۆگەر کردووە، پڕوپاگەندە بۆ بیر و ڕا و نوێژ و سرووتە ئاینیەکانی خۆیان بە ئازادی دەکەن. لە زۆر شاری ڕۆژئاوادا منارەی مزگەوتەکان لە بورجی کڵێساکان بەرزترن و پەرستگای بوزیەکان کەبەزۆری لەوڵاتی چین داخراون، یان بەربەستیان بۆ دروست کراوە، لەوڵاتانەدا دەرگایان لەسەر پشتە. هەموو ئەو شوێنە پیرۆزانەیش وەک یەک حەرەمی پیرۆزی ڕاگیراوە، بەتایبەت ئەگەر دوور بووبن لە بڵاو کردنەوەی ڕەگەزپەرەستی و توندڕەوی و پێشێل کردنی مافی کەسانی تر. نمونەیەکی تری سەرنج ڕاکێش کچە خوێندکارە موحەجیبەکانی تورکیان ،کە لەسایەی دەستووری کەمالیستی ئەو وڵاتەدا ناتوانن بە سەرپۆشەوە بچنە زانکۆکانی تورکیا، لەم ساڵانەی دواییدا، ژمارەیەکی بەرچاویان ڕوویان کردۆتە زانکۆکانی ئەوروپا بۆ ئەوەی بە حیجابەوە لە زانکۆکانی ئەو وڵاتانەدا بخوێنن.

لێرەدا ئەوە هەڵدەهێنجرێت کە یاسا و دەستوورێکی داڕێژراو لەسەر بنەمای عەلمانی و مۆدێرنی و لێبووردەیی ، بێجگە لەوەی کە ئاسایشی نەتەوەیی کوردی لەسەر بەندە و بوار دەڕەخسێنێت کە بەیەکگرتوویی تر و بەهێزتر و بە گوڕتر وەک گەلێکی سەروەری سەدەی بیست و یەک بێینە خانەی گەلە سەرفرازەکانی جیهان. لە هەمان کاتیشدا عەلمانی بوون بە هیچ شێوەیەک بە مانای ڕەت کردنەوە و ڕێگری کردن لە هیچ ئاین و مەزهەب و داب و نەریتێک نایەت. بەڵکو بە مانای دابین کردنی مافی وەک یەک بوون بۆ هەمووان دێت کە لە دەربڕین و پەیڕەو کردن و ڕێز گرتن لە عەقیدە و بیرو باوەڕەکانیان و وەک یەک ئازادن و لە ماف و ئەرکەکانیشدا پەیڕەوی بنەمای هاووڵاتی بوون دەکرێت و لە بەرامبەر یاسادا یەکسانی بۆ هاو نیشتیمانیان دابین دەکات و ئەمەش مەرجێکی پێویستە بۆ یەکێتی نەتەوەییمان، بۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان وە سەرپێ خستن و بەرەو پێش بردنی کوردستانی ئازاد.